مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم (ڕواقی) لە ساتەوەختی پەتادا … ئازاد حەمە – بەشی 19

ترس لە مەرگ نەبایە نە فەلسەفە دەبوو نە ئاین
شۆپنهاوەر Schopenhauer

پێشکەش: لەبەرایی ئەم بەشە هەما بە ئاوە دەکەین، بەو شێوە شرۆڤەکردنە قایلیین کە پێوایە فەلسەفە لە گشت سەردەمەکانا پێویستیبووە. هەر فەلسەفە ڕۆگایەکیشبووە بە گەیشتن بە چارەسەری کێشە سەرەکییە ڕۆژانیەکانی مرۆڤ و بەرچاووونی بەم مرۆڤش تا ئاو جێگایە داوە کە ناهەمواریەکان تێدەپەڕن. ڕاستە فیلەسوفەکان لە بەری پێشووی پەتای کۆڤید-19 نیین، لە جەرگە ڕۆژانەکیان هەیە کە دەکارن بیگەڕن. لە هەموو دەخەکدا فەلسەفە شتێکی بە وتن هەیە، لەم ساتەوەختە پەتایاویە فەلسەفەی ستۆیسیزم (ڕواقی) Stoicism گونجاوترین شتە. هەر زووش سێنەکا Seneca ی گەورە بیریاری ڕۆمانی و یەکێک لە ئابەرانی فەلسەفەی ستۆیسیزم ئاوی بە گومانا چرپاندووە کە ناشێت سەبارەت بە شتگەلێك ئاابین سەروی توانا و ویستی ئەمە بێت. داوا لە خواوەندیش دەکات ئارامیی پێببەخشێت، بوێری پێبدات بە گۆڕینی ئاوی لە توانایدا نیین، دانایش تا بکارێت شتەکان لێکدیبکاتەوە. ئاوەش بە ئاوی ئاو شتانە پەسەندبکات توانای گۆڕینیانی نیین.
زۆربەی بیریاران وایدەبینن، فەلسەفەی ستۆیسیزم لەناو زانینگا فەلسەفییەکانا تاکە فەرگەیە مرۆڤکان ئادەهێنێت لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەستی خراپ و لاواز، لەسەر سنوردانان بە ترس لەکاتی تەنگژەکانا. لەم حاڵەتەی ئێستادا، کە پەتای کۆرۆنا داگیریکردوین، ترسەکان ئاقاریان لێبوونەوە، گۆڕانەوە بە خوێندنەوەی تەکستی فەلسەفی و بەتایبەت فەلسەفەی ستۆیسیزم (و فەلسەفەی ئێپیکۆریزم Epicureanism) لە هەڵکشاندایە. سەرباری ئاوە، زانینەکانی فەلسەفەی ستۆیسیزم لە مێژووی فەلسەفە هەمیشە جێی تەئامان بوونە و بەشکیش لە بزاڤ و ئاقارە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا خۆیان لە پەنای ئەم فەلسەفەیەدا مەئاسداوە و پێیتا پێیتا دید و ڕوانینیان لەوەڕزکردووە.
لەم بەشە جگەلەوەی مانای فەلسەفەی ستۆیسیزم بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێش، ناساغی و مەرگ بەکورتی بەرباسدەخەین، کە ئاوەش وێنەیکمان

لەسەر ئەم فەلسەفەیە پێدەبەخشێت کە هەڵگری جۆرە بنەمایەکی فەلسەفی تایبەتە، ئاوەڵکی خەراش لە "تەڵامانەکان"ی مارکەس ئۆرێلیەس Marcus Aurelius دەدەنەوە، کە تاکە ئیمپراتۆر و فەیلەسوفە لە شارستانی ڕۆمانی و ئەورووپایی. مارکەس ئۆرێلیەس ئەو تاکە سیاسییەیە کە فەیلەسوفی شاریش. ئەو جۆرە کەسایەتە پێشتر ئەفلاتون لە دیالۆگی"کۆمار" پێیوتوین: کارگێڕی سیاسیانەی شار پێویستە بدەستە فەیلەسوفەوە بێت. ئەوەی ئەمە لەم بڕیارە گۆڕکمانە قسەهێنانەئارایە لەبارەی مانای فەلسەفەی ستۆیسیزم لە ساتەوەختی پەتای کۆرۆنا، کە لانیکەم هەوناکبیر و هزرڤانانی جیهان گرنگی بە گۆڕانەوە (لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانەوەیە بە فەلسەفەی ئێپیکۆریزمیش بوو، کە سەرچاوە لە دیدگا فەلسەفیەکانی ئێپیکۆر Epicurus هەوە هەڵدەگرێت). هەر لەم بڕیارە بەڵای باسی ترس لە مەرگ تەدەپەڕین کە دروستکەری خەمۆکیەیە و یەکێکیشە لە جۆرە دیارەکانی ترس. فەلسەفە کە وتنی خۆی لەبارەی ترس لە مەرگ هەیە لە ئاستێك ئەو وتنە بە هەواندنەوەی ترسەکە دەخەینەگەڕ کە مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم لەخەبگرێت.

فەلسەفەی ڕواقی (ستۆیسیزم) هەڵگری چ بنەمایەکی فەلسەفییە؟

فەلسەفەی ستۆیسیزم لە سەدەی سێی پێش زایین هاتەکایەوە و پێنج سەدە بەردەوام بووە. ئەم پێنج سەدەیە بەم جۆرە بووە: سێ سەدە لە کۆتای سەدەکانی پێش زایین لە یۆنانی کۆن و دوو سەدەکەی تر لەناو شارستانی ڕۆمانی ،کە سەدە زایینەکانن، پڕی بەخەیداوە. دواتر لە سەدەی پێنجی زایین لە شارستانی ڕۆمانی، کە شوێنی نیشونمای فەلسەفەی ڕواقی بووە، فەرگە فەلسەفییە ڕواقییەکان لەم شارستانیە بەرەو داماڵشتوون، ئەمەش دوای گۆشەی تووندی تەوژمی مەسیحایی کە لەو دەمەدا ئەم تەوژمە لەتەك بیری بیریارە ڕواقییەکان یەکینەگرتوتەوە.
فەلسەفەی ستۆیسیزم، کە لەژێرکاریگەریی زانینەکانی زێنۆنی ڕواقی Zeno of Citium، پاش ئەریستۆ ،لە ژینگەیەکی ئەسینای، هاتەکایەوە تا دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی یۆنانیش، واتە پاش زایین، بە چەند سەدەیەك هەر بەردەوام بووە. ئەبەتە گۆشە و داماڵینی ئەم فەلسەفەیە پێیوەندیەکی زۆری بە هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەمەی یۆنانەوە هەبووە: بەاوبوونەوەی جەنگ، ناساغی، هەژاری و ناهەمواری. شایانی زانینە، شارستانی یان چاخی هەلێنیستی Hellenistic Age لەگەڵ مەرگی ئەلەکسەندەری گەورە دەستپێدەکات، 323 پێش زاین، و لەگەڵ هەرشی ڕۆمانی بەسەر یۆنان

کۆتایەت و لەوە چاخێکی تر بەناوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی سەرهەڵدەدات. مەبەست چاخی هەڵەنیستی لەدووروخولی 323 ی پێش زایین تا پێش دەرکەوتنی زایین بە نیو سەدە بردەوامدەبێت. بەمە ئیم شارستانیە کاتێك ئاوادەبێت کە یۆنانی کۆن لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دا دەتوێتەوە، کە ئەوەش دەکاتە 146 پێش زایین، واتە دوای داگیرکردنی یۆنان لەلایەن ڕۆمانەکانەوە. شایانی باسە، شارستانی هەڵەنیستی کە دەوڵەمەند و ناسراو بووە تایبەتمەندی شارستانی خۆی هەبووە و خۆشی تەنیا لەناو یۆنان گەمارۆنەداوە و هەوڵی چوونەناویەکدیشی لەتەك کولتووركانی تر داوە و ، قۆناغی داگیرکاری یۆنانیش لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا هەر لەڕووە دەستپێکردووە. لەم ساتەوە کولتووری پووختی یۆنانی ووردە ووردە بەرەو نەمان دەچێت و بە کولتووری بێگانە تێکەڵدەبێت. بەمجۆرە لەم قۆناغەدا کولتووری یۆنانی لە دەرەوەی یۆنان بەاودەبێتەوە و کاریگەری ئەم کولتوورە سنوری یۆنانی تێدەپەڕێنێت. ئەمەش بەردەوام دەبێت تا دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. لەو دەمەدا جگەلەوەی پەرەسەندنی هزری لەبواری زانست (بیرکاری، فەلەکناسی، فیزیا) و هونەرە جوانەکان شوێنپێیدیاردەبێت خەرمانەی فەلسەفیش دەگاتە ئاستێکی بەرز. هەر لەم قۆناغەدا، لە چاخی هەڵەنیستیدا، هەندێك ڕەوتی فەلسەفی (ستۆیسیزم، ئێپیکۆریزم، سینیزم Cynicism) سەرهەڵدەدەن کە تائێستاش کاریگەریان لەسەر فەلسەفەی جیهان بەسلامینەوە دیارە.

فەلسەفەی ڕواقی (ستۆیسیزم) ڕەوتێکی فەلسەفیی بووە بە بایەخدان بە عەقڵ وەك شتە سەرەکیەکەی ژیانی بوونی مرۆڤ. باوەڕی سەرەکی ئەم فەلسەفەیە خەڵکی لەوە ئاگادارکاتەوە کە خۆشی مرۆڤکان ئەو دەمە دەستپەدەکات باوەڕ بەوە بهێنن کە ڕووداوەکان لە دەرەوەی توانای ئەوانە و ئەوەش کە لە سروشت دا هەیە بەهەی عەقڵەوە پێیدەگەین. مرۆڤ بەپێی ئەم فەلسەفەیە پێویستە لە هارمۆنیدا بێت لەتەك سروشت، چونکە ئەوە عەقڵە دادوەری بەسەر سروشتی مرۆڤەوە دەکات و خواوەندیش لەناو ئەم جیهانەدایە کە ئەمەی تێنیوەتەوە و عەقڵیش کار لەسەر جیهانەکەمان دەکات. خواوەند لەناو جیهانی ئەمەدایە. جیهانی ئەمە لە دەرەوەی ئەم خواوەندە نییە. بەم جۆرە بەختەوەری لای فەیلەسوفەکانی ئەم فەرگە فەلسەفییە (ئێپیکتێتس، سێنەکا، مارکەس ئۆرلیەس و ..هتد) دوا ئامانج نییە، تەقڵایەکە بۆ گەیشتن بۆ ڕاستی. بەپێی تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی ئەم فەرگە فەلسەفییە، بەتایبەت زێنۆنی سێتەمی Zeno of Citium ، (کە دامەزرێنەری فەلسەفەی ستۆیسیزمە، لە 334 ی پێش زاین هاتۆتەدونیا و هاوڵاتیەکی فینیقی بووە و دواتر بەرەو ئەسینا کۆچیکردووە و

لەو فەلسەفەیکردووە) مرۆڤی باش ناشێت بکەوێتە ژێرکاریگەری هەڕەچوونەکانی و شەیدای چرکە خۆشکانی بێت. کەنترۆڵکردنی سۆز و هەڕەچوونەکان دەمانگەیەنێتە زانین. فەلسەفەش لەسەر دەستی ئەم بیریارە، زۆنانی سیتەمی، بەرەو مەشقکردن لەسەر ژیان دەچێت. لەرەو فەلسەفە بەشێوەیەک خۆی نمایشدەکات کە خۆشی نییە، هەڵبژاردنی شێوازێکە بۆ ژیانکردن. هاوکات دورکەوتنەوە لە ترس، لە ئازار و لە بەدەستهێنانی چێژ بەشێکە لە فەربوونە فەلسەفییەکانی ئەم هێوتە فەلسەفییە. ئەوەش کە فەیلەسوفە ڕواقییە ڕەمانییەکان پاکەوشتی دەکەن بە بناغە بۆ بەختەوەری. لە دیدی ئەم فەلسەفیەوە مرۆڤ بۆ ئەوەی بگات بە پاکەوشتی (فەزیلەت Virtue) ، کە باشە بەرهەمدەهێنێت، ئەم مرۆڤە پێویستی بەوەیە خۆی لە ترس، بێغیلی، ئۆفینکی شتانە بەدووربگرێت. هەرچی چێژ، تەندروستی و دەوڵەمەندییشە، ئەبەتە، بەو مەرجە باشە پێکدەهێنن کە پاکەوشتی بکارێت بۆکاریبهێنێت. پاکەوشتی پێش ئەوەی پێوەندی بە مرۆڤەوە بێت ویستی یەزدانە (ستەسیزم). مرۆڤی باش ئەو مرۆڤەیە هەڵسوکەوتکانی باشە نەك قسەکانی.

بەواتایەکی دی، بۆچوونەکانی بیرمەندانی ستەیسیزمی ڕەمانی هەندی فەلسەفی خەیان هەیە: ئەوەتا سێنکا دەڵێت: جۆغت لەوەمکە نیتە، بەختەوەربە بەوەی هەتە یان گێشتن بە هەگری ئاماژەیە لەسەر سەرکەوتن، بوونیش بە مرۆڤی پاکەوشت مەرجە ببێتە ئامانج بە مرۆڤکان بەپێی مارکەس ئۆرلیەس. لەرەو بەو تێگەیشتنە فەلسەفییە ئاشنادەبین کە، زانینەکانمان سەبارەت بە جیهان، پێگەی ئەمە لەو جیهانە، لە ئاگامەندیماندا بەشێوەیەك بەرجەستەدەکەن کە پێی بە بوونی خەمان بەرین. ئەوەش بەمەرجەك ئەو پێپێبردنە لە پشێواوی و پشێکاوی بەدەربێت. بۆ؟ چونکە دانا هەواقیەکان خەیان و خەکیشیان لەسەر خەڵاگری و هەوبەهەووبوونەوەی ئەش، ناساغی و بەڵاسروشتییەکان هادەهێنا. نەك هەر ئەوە بگرە بەپێی بینینی ئەم فەرگەیە بەدەستهەنانی چێژ و خۆشیەکان وادەکەن مرۆڤکان ئازار بچێژن و ئەوەش دووچاری خەمەکییان دەکات کە لای خوارەوە دەینووسەری.

پێگەی فەلسەفەی ستەیسیزم لە بەرەنگاربوونەوەی ئەش، ناساغی و مەرگ

لە فەلسەفەی ستەیسیزمەوە فەری ئەوە دەبین، خەدابان لە جیهانی دەرەکی چارسەرە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەش، خەمەکی و پشێوی. ئەمە وادەکات بەختەوەری بۆ جیهانی دەرەکییەوە نەبەستێتەوە. گرێدانەوەی تەندروستی، خۆشویستی و پلەوپایە بۆ بەختەوەرییەوە وادەکات بەختەوەری پابەندی جیهانی دەرەکی مرۆڤ بێت نەك خودی

کەسکان. هیچ گرانکیش بەتەسەر ئەو جیهانە کاردانەوەی لەسەر بەختەوەری دانەنت. کەشکە لەرەوە دەستپەدەکات کە فاکتەری دەرەکی بەختەوەری دیاریدەکات نەک شتەکی تر. بۆپی بۆچوونی فەلسەفەی ستۆیسیزم ئەمە دەسەلاتمان بەسەر ئەو فاکتەرانەوە، جیهانی دەرەکییەوە، نییە. هەژاری، ناساغی، ئێش، ئاوارەیی، جیابوونەوە یان خیانەتی خزانی و زۆر شتی تر دەکرێت هووبدن و سەرلەبەری بەختەوەری مرۆڤ تێکدەن، لە ناشێت پەمانوابێت دەکارین ئاقاری شتەکانی دەرەوەی خەمان بگۆڕین. ئەپیکتێتەس Epictetus ، کە لە سەدەی یەکی زایین ژیاوە و یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی فەلسەفەی ڕواقیی یۆنانی- ڕۆمانی، پێیوابووە ئەوەی پاپشتی بەختەوەری مرۆڤەکات ڕۆحە (ناخە) نەك شتە دەرەکییەکان. هاوکات ڕاشکاوانە فێری ئەوشمان دەکات تەنیا سەبارەت بەو شتانە ڕاڕابین لە چوارچێوەی قۆناستانی (دەسەلاتی) خەمان دەتەروودان. ئەوێش کە ڕووداوەکانە. لە لەوە گرنگتر چەنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکانە. ئازار دێت، چونکە هەیە. ئازار گرنگە، بۆیە زاڵبوون بەسەر ئازار گرنگترە. پەتا کە بەسەودبەتەوە یان جەنگ کە هەڵدەگیرسێت لە دەرەوەی ویست و تواناکانی ئەمەویە، بەیە خەپارەزی لە پەتاکە یان جەنگەکە گرنگە. لافاوەك، بورکانەك، هەرەسەکی بەفر هەموو ئەمانە لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەمە دەنە ڕووداون و کاری ئەمەش خۆدەربازکردنە لێیان. بەیە سەرەکیترین تەوەرەی فەلسەفەی ناوبراو ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەوە قایلبن هەڵبدێدەکەن. لەبەرئەوەی تەندروستی و بەختەوەریمان پەیوەندی بە خودی خەمانەوەیە ئەمە وادەکات هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خەم و پژارەیی سەرئێشمان بە دروستبکات. بەدیەکان بە بۆچونی ئەم فەلسەفەیە شتەکی ناوەکیین و لە بیرکردنەوەماندا ئامادەیە. بیرکردنەوەمان وایدەبینێت ئەمە هەژارین و پێویستمان بە سامانەکی زۆرترە. واتە بیرکردنەوەمان پەماندەێت بەدی هەیە و لە کۆە زیانیشماندا ئەو بەدیە خەی مەاسداوە. بەدیوەکەی تری، ئەم فەلسەفەیە پێیباشە مرۆڤ ئەوە بکات کە پەدەکرێت. بیرکردنەوە لەوەی کە پێیناکرێت چاترە دەستبەرداری بێت ئەگەرنا پەرێشانی و شەکەتی بەدەهێنێت.

بوون بە ڕواقی (stoic) واتە هەڵبژاردنی شێوازێکی تر لە ژیان. باشە ئەو جۆرە ژیانەی ڕواقیەکان هەڵیانبژارد لەتەك ژیانی مەدەرن، کە ژیانی ئێستامانە، دەگونجێت؟ بە هەمووان ڕوونە کە شتەکی سانا نییە ژیانی ئێستامان مۆرکی ژیانی ڕواقیەکان لەتەکخەیا هەبگرێت، لە گومانیشیناوێت خودی ژیانە ڕواقیەکە گەلەك تەندروستە. گەیینی ژیان بۆرەو ژیانەکی ڕواقیانە چەند پێویستە هەندەش سەختە. بوون بە

کەسێکی واقیعی لایەك هەبژاردنی شێوازێکی تر بۆ (ژیان، خۆشویستی، بیرکردنەوە)، لایەکی دی نزیکبوونەوەشە لە ژیان، لە ژیانێ ئاستەقینەکە، کە لەتەك وێنەی لە دابڕاندایە. ئەمەش لەو سەرچاوە دەبێت بۆ هەبژاردنی ژیانێکی ئاوادە و سەرتایەك بۆ پێمانبەستن لەتەك خودی خۆدا. ئەم پێمانبەستنە سانای دەخاتە ناو ژیانەوە و بۆختەوەریش لەتەکخۆیدا دەهێنێت. لەرەوە لە ناگرنگەوە بۆ گرنگ دەچین. خۆدڕبازکردن لە ناگرنگ سەرچاوەی ژیانێکی واقیعیە.
ئێنگە هەموو بپرسین ژیانی ناگرنگ چ جۆرە ژیانێکە؟ ئەو جۆرە ژیانەیە لە چۆڕ، سانایی و خۆشی لەوانلەوە. چۆنیەتی باشژیان غەمی گەورەی ئەم بزاڤە فەلسەفییە بووە، لە باشژیانیان بەو جۆرە ئاڤێکردووە کە ئێگاچارییە و دژشکارەت ئاسایشی دڕوونی بە مرۆڤکان دروستبکات. بەڵە ئامانجی ئەم فەلسەفییە هەر لە سەرچاوە خۆشبەختی و ئاسوودەیی مرۆڤ بووە، ئێستەتە توانای ئەم مرۆڤش لە زاڵبوون بەسەر بێهیوای و خەمۆکییەکانی.
ئێنگە هەموو بپرسین کە هەڵوەستی واقیعێك لە ساتەوەختی ئێستادا دژ بەم پەتایە چۆنە؟ دیارە ئەم پەتایە ترس و شڵۆژانی لەتەك خۆیاهێناوە، فەلسەفەی واقیعگەرایش بەوە ناسراوە کە شێوازی خۆی لە ماماڵەکردن لەتەك ترس و شڵۆژان هەبووە. بیرمەندە گەورەکانی ئەم فەلسەفەیە ئێستەی ساتە تەنگژاویەکان بوونە و خورپە و مەترسیەکانیان بینیوە و بەدانایەکانیان خۆیان و خەڵکیشیان لێبەدوورگرتووە. هاوکات بیرمەندە بەتەمەنەکانی ئێبازی فەلسەفەی واقیعی (سێنیکا ، ئێپیکتێتس، مارکەس ئۆرلیەس) فێربوونەکانیان ئاستەوخۆ سەبارەت بە ئازار و ناخۆشیەکانی مرۆڤ بووە و کاریشیان لەسەر ئەوە کردووە ئەم مرۆڤە لە نەداری، درم، جەنگ و ئاشووب حاڵیبێت و ، هیچ کارەکیش کە دەستی دەداتە وەک دوا کاری خۆی تەماشایبکات.
دیدی واقیعیانەی ماسیمۆ پیگلیۆچی سەبارەت بە کۆڤید-19

نووسەری ئیتاڵی ماسیمۆ پیگلیۆچی Massimo Pigliucci بۆخۆرهاتنماندەکات بۆ سەدەی کۆڤید-19 لەکاتێکا ئەمە پەمانوایە ئەم پەتایە ناشێت وەک سەدە ببینرێت، ئەوش بەگومانا دەچرپێنێت کە ئەم پەتایە بەجۆرێك هاتووەتەناو ژیانمان خۆی لەکردووین بە واقعێکی نوێ. ئاستە هەر لەم ساتەدا گەڵك بەچوونی پووچ تایبەت بەم قایرەسە وترا، بەشێك لە پیاوانی دەوڵەت پێیانوابوو پێویست بۆ ترس ناکات، بەڵام لەئاستیدا هەکاری واقیعیStoic سەبارەت بە بوونی پەتای کۆڤید-19 لە ئێستا و وەکی تر بۆ هەموو جۆرە پەتایەکی تر لە ئایندە لەئارادایە. لەم بارەیەوە ئەم ڕونماکبیرە ئیتاڵییە

[illegible]وەکی ڕواقی سە لایەنە (فیزیا، لۆجیك و [illegible]وشت) بە ڕاڤەکردنی ئەم پەتایە دەخاتەڕوو. وشەی فیزیا لای ڕواقییەکان دەمانباتەوە ناو لەکدانەوەیەکی فراوان بۆ تێگەیشتن لە جیهان. هەر ئەوەیە کە ئێستا بە زانستە سروشتییەکان و مێتافیزیك هاتۆتەناساندن. هەرچی لۆجیکە فەلسەفەی ستۆیسیزم تێگەیشتنەکی فراوانتری لەسەر هەیە لە چاو فیزیا. لۆجیك هەموو ئەو تێگەیشتنانە دەگرێتەوە کە گونجاون. هەرچی [illegible]وشتە لە دیدی ڕواقییەکان شتێك لە فیزیا و لۆجیك فراوانترە. لەبەرئەوەی [illegible]وشتی ڕواقی تەنیا ڕاست و هەڵە ناگرێتەوە، ئەوەی بەڵای ئەم فەلسەفەیەوە گرنگە ژیانەکی باشژیانانەی مرۆڤکانە.
لەسەر بنەمای تێگەیشتنی فەلسەفی دیۆجین Diogenes ئەم بیریارە ئیتالییە پێماندەڵێت: لە هزری فەلسەفی ڕواقی دا [illegible]باز doctrine ی فەلسەفی سێ کوچکەیە: فیزیا، [illegible]وشت و لۆجیك. فەلسەفە دەشێت بە ئاژەڵێك بشوبهێنرێت. لۆجیك ئێسك و دەمارەکانیەتی. [illegible]وشت گۆشتەکانی لەشیەتی. فیزیاش بریتیە لە [illegible]حی. هەندەکی تر فەلسەفە بە هێلکە دەشوبهێنن. تووکەکەی ئەم هێلکەیە لۆجیکە. سپڵنەکەی [illegible]وشتە. زەردنەکەشی فیزیایە. هەشە فەلسەفە بە کۆگەیەکی بەپیت دەشوبهێنێت. لۆجیك سیاجی کۆگەکەیە. [illegible]وشت بەروبووم کەیەتی. فیزیاش خاك یان دارەکانە. بەپێی ئەم هەڵکارییە فەلسەفییەی ڕواقیەکان بۆت [illegible]وشتی گونجاو لەژێرسایەی لۆجیك و فیزیای باشدا شیاوە. ئەو دەمە ژیانەکی باش، گونجاو، دەژیین کە عەقڵ و گەواهی بەکاردەبین.
ئەم بیرمەندە ئیتالییە، ماسیمۆ پیگلیۆچی، کۆڤید-19 لە ڕوانگەی هێلکارییەکی فەلسەفی ڕواقییانەوە سەکوچکەی (فیزیا، [illegible]وشت و لۆجیك) ڕاڤەدەکات. سەرەتا فیزیای کۆڤید-19 باسدەکات. لەو ڕوەوە هەما بە ئەوە دەکات کە ئەم ڤایرەسە سەر بە خێزانی Coronaviridae یە (واتە ڤایرەسە کەرەنادارەکان). ئاشکرایە وشەی کەرەنا corona وشەیەکی لاتینیە. ڤایرەسەکە ئەو فۆرمە وەردەگرێت کە کەرەنا(تاج) هەیەتی. کەرەناڤایرەسەکانی تر، مێرس MERS (Middle East respiratory syndrome) و سارس، شتی هاوبەشیان هەیە. ئەم نوسەرە پێیوایە ئەنفلەنزای باو کەرەناڤایرەس نییە، چونکە سەر بە خێزانێکی تر کە پێیدەوترێت Orthomyxoviridae . ئەم دەستنیشانکردنە بە ئەم نوسەرە ئیتالییە مانای خێی بە دیاریکردنی کەنتەکستی بایەلۆجی کۆڤید-19 هەیە.
بەشێك لەو ڕاستیانەی ئەم فیلەسوفە ڕواقییە سەبارەت بە کۆڤید-19 دەیخاتەڕوو بریتیین لە: تائێستا ڤاکسین بەرهەمنەهاتووە. چارەسەرێکی کارا لە هەنووکەدا بوونی نییە. گەلێك شتی پراکتیکی هاتۆگۆ کە پێویستکرا بکرێن: دەستشتنی بەردەوام، بەتایبەت کە لە

پەیوەندیدا بین بە کەسکەوە یان لە دەرەوە بووبێتین. مانەوە لە ماڵەوە و پیادەکردنی دووری کۆمەڵایەتی. شڵەمەنی زۆر خواردنەوە. پەویست بە ماسك ناکات تەنیا کە نەخۆش بین یان لە پەیوەندی بین بەوی تردا. ماسك فایرەس لەناونابات، لە شیاوی پەوبوون کەمدەکاتەوە. ئەم نوسەرە گومانناکات کە کۆڤید-19 پتر لە ئنفلەنزای وەرزی، سارس، هەناوسانی جگەر یاخود HIV تەشەنەکەرتر، بەڵام کەمتر لە سورەژە، دەکە و مەکوتە یان سیل تەشەنەکەرتر. فایرەس باوەکان لە ماوەی 3 هەژدە نیشانەکانیان دەردەکەوێت هەرچی کۆڤید-19 یە لە ماوەی 5 بە 7 دەردەکەوێت. نیشانەکانی زۆر گشتین و لەتەك فایرەسەکانی تر هاوشێوەیان هەیە: کۆکە، بەرزبونەوەی پلەی گەرما، سکچوون تادێگاتە گرفتکەوتنە هەناسەدانەوە. ئەوەی بە ئەم بیریارە هاوقیناسە گرنگە ئەویە کە هاوقیەکە نەکان بەم جۆرە ناساغییانە ئاشنا نەبوون، لە لە دەمی خەیاندا مامەڵیان لەتەك نەخۆشیەکە تەشەنەکەرەکان کردووە. ئەو ماوەیەی سوکرات لە شاری ئەسینا ژیاوە شارەکە دووچاری تاعون بووە، ئەوەش ساڵی دووەمی شەڕی پەلەپۆنیسی Peloponnesian (شەڕی نێوان ئەسینا و سپارتا) بووە. مارکەس ئەرەلیەسی ئیمپراتۆری ڕۆما، کە فەیلەسوفێکی هاوقی بووە، توانیویەتی ئیمپراتۆریەکەی لە تاعونی ئەنتانی بپارێزێت کە ئەوکاتە تاعونی ناوبراو زۆرترین کەسی لەناو ئیمپراتۆریەکە کوشتووە. بەواتایەکیتر، تاعون یەکەك بووە لەو هەڕەشانەی سەدە کۆنەکانی ماندووکردووە.

لەسەر قسەی ئەم هۆناکبیرە ئیتالییە گرنگە بزانین لەژیکی هاوقیانەی کۆڤید-19 لە چی خۆی پووختدەکاتەوە؟ ئایا پەویستە لە کۆڤید-19بترسین؟ترس تەپەڕاندنکی سەرئامەزانەی ژیریە کە لەتەك هاوقیەکی دونیادیدە و هەمانییکی سەکولاردا یەکناگرێتەوە. دەرکە شایانی ئەو ترسە گەورەیە نییە کە بەرەکمانی گرتووە. توشبوون بە فایرەسەکە ئەو ترسە گەورەیە ناهەنەت هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی کە هەگای چارەسەر زۆرە و ئەوجار کاتەك تەندروستین بە کەشە تێدەپەڕێت. هاوقیانە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ترسە بە بەچوونی ئەم نوسەرە ئیتالییە بریتییە لە بەکاربردنی ژیریی و زەدەڕێنەکردن لە مەترسی. هاستە فایرەسەکە سەرچاوەی هاایە، بەس چاترە مامەڵەیکی میانەڕەوانە لەتەك ئەو ترسە بکرێت لە فایرەسەکەو دێت و زەدەڕەی بە زانیاریەکانەوە نەکرێت. شەوازە هاوقیەکەی ئەم بیرمەندە ئیتالییە سەبارەت بە ترس لەم فایرەسە بریتییە لە خەبەدوورگرتن لە زەدەڕەیی و بەکاربردنی ژیریی بە زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەی فایرەسەکە بەهویدەکاتەوە. هەرچی هەوشتی هاوقیانەی کۆڤید-19ە بەو پێناسەدەکات کە هاقیبون تایبەتمەندی گەردوونا ویبوون بە

مرۆڤ دەبەخشێت. واتە تا گرنگی بە گشت مرۆڤایەتی دەدەیت نەک تەنیا بەخۆت. لەرە نووسەر نموونەیەك لەسەر ئەو جۆرە نووسینە دەهێنێتەوە: پەیوەستناکات ماسکەکی زۆر لە ماڵەوە خۆزنبکەین، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونی ماسك و ئەوەش کە ئەوانیتر پەیوەستیان بە ماسکەهەیە، بۆتایبەت کارمەندانی تەندروستی. لایەنکی تر کە بە ئەم بیریارە واقیعیە شایانی سەرنجە ئەوەیە کە هەوڵدەین لە خەڵك دووربکەوینەوە، ڤایرەسیان بە نەگوازینەوە و تاپشمانبکرێت ترس لەسەر ڤایرەسەکە بەاونەکەینەوە. گەر بتوانین هاریکاری مادیش بە ئەو شوێنانە کەبکەینەوە پەیوەستیان پێیەتی، بۆتایبەت وەاتانی هەژار (ئەفریقا بە نموونە). ئەو دەمەش دووچاری ڤایرەسەکە دەبین پەیوەستمان بەوەیە هەکاریکەکان پەڕەوبکەین و خەمان لە ترس بەدووربگرین. تەنانەت کە ناساغیش دەبین دەبێت زۆر بە لوتفەوە مامەڵە لەتەك کارمەندانی پێشپێشەوەی تەندروستیدا (پزیشکەکان و سستەرەکان) بکەین. گرنگ لە کاتە سەختەکانا پاکدامێنی هەوشتی خەمان نیشاندەین. ئەم جۆرە هەڵە و مەرجانە، لەژێرسایەی ڤایرەس، گومانی ناوەت دووچاری سەختی، شپرزەیی، چەرمەسەری و ئازارەکی زۆرماندەکات. کەتا ئەوەش دەڵێت کە کەڤید-19 رووداوەك نییە بە کەتایهێنان بە شارستانی ئێستامان. ژیان لە گەڵاندایە، ئەمە ئەو وانەیەیە کە فەلسەفەی پێش سوکرات لەسەر دەستی هەراکلیتەس بەیبەجهێشتووین. بەم جۆرە ئەم بیریارە ئیتالیە دەیوەت بوو: جیهانی پاش پەتاکە گەڵانی دەتەسەر بەس نەك بەجۆرەك کە نەیناسینەوە. پەیستیشە ئیش لەسەر سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بکەین تا ببینە خاوەنی جیهانەکی باشتر لە ئێستا و لە پێش کرۆناش.

"تەڵامانەکان"ی مارکەس ئۆرلیەس:
کاتەك فەیلەسوفەکان حوکمدەکەن یان پادشاکان فەلسەفەدەکەن

مارکەس ئۆرلیەس ئەنتەنیەس Antoninus Marcus Aurelius لەك وتنەکەی ئەفلاتونی بەسەریدا پەڕەودەکرێت کە پێیوایە ئەو میلەتانەی فەیلەسوفەکانیان حوکمیان ناکەن یان پادشاکانیان فەلسەفەناکەن بەکەکی هیچ نایەن. مارکەس ئۆرلیەس پادشا و فەیلەسوفەکی واقیعی نەمانییە کە لە ساڵی 121 ی زایین، واتە لە سەدەی دووی زایین، هاتۆتەدونیا. لەماوەی ساڵانی 161 بە 180 ی زایین دوا ئیمپراتۆری رۆمانی و فەیلەسوفی واقعی نەمانی بووە و یەکەکیش بووە لە شاگردە فەلسەفیەکانی ئەپیکتێتەس. مارکەس ئۆرلیەس لە نێوان ساڵانی 166-180ی زایینەدا ئیمپراتۆریەکەی دووچاری تاعونە گورەکە بووە، تاعونی ئەنتەنی، کە بەناوی ئەم ئیمپراتۆرەوە ناونراوە و پتر لە 5

میلیۆنی ئیمپراتۆرەکەی کوشتووە و بەشکی زۆریش لە مردووەکان لەناو لەشکری ڕۆمانی دا بوونە. جگەلەوەی مارکەس ئۆرلیەس ئیمپراتۆر بووە، سۆرقاڵی کاری سیاسی، سوپا و جەنگیش بووە و خاوەنی بیرکردنەوەیەکی بەهێزی فەلسەفیش بووە. زۆربەی بەچوونەکانی لە نووسینەکا بەناوی "تەئامانەکان Meditations"کەکردەتوە، کە لە 12 بەش پێکهاتووە، بە چنیەتی ووبەووبوونەوەی ئازار، نەخۆشی و مەرگ تایبەتکراوە و بناغەیەکی فەلسەفیشی بە فەلسەفەی ستۆیسیزم داناوە. جگی سەرنجە "تەئامانەکان" لە ناو شارستانی ڕۆمانی بە زمانی یۆنانی نوسراوە. لە "تەئامانەکان" دا پایداری ڕووشتی و هەزری دەبینین کە دواتر دەبن بە ڕێچکەی فەلسەفی فەلسەفەی ستۆیسیزم. شاتەئامانی ئۆم فێلەسوفە خۆی لە چەند تێگەیشتنێکدا پووختکردەتوە: چنیەتی مامەڵەکردن، زاڵبوون بەسەر ئێش، دانبەخۆداگرتن و هەڵنەچوون. ئۆم فێلەسوفە پادشایە بەچوونە فەلسەفییەکانی لە ساتی کۆشە و ڕووداوەکان هەنیوەتوە و کاری لەسەر ئاسوودەکردنی ڕۆح و دڕوونی کردووە. پێشیوابووە کە خەڵکی بەدوورگرتن لە مەترسیەکان بە دوورکەوتنەوە لە خودی ترس دەستپێدەکات. پێتاکە کە ترسی بەاوکردەتوە لەتەك وشەی مەرگ خۆی هاوتاکردووە. لەو ساتەوەختەش کە پێتاکە لەناو سوپا و شارەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەاوبووەتوە ئۆم پادشایە سۆرقاڵی نوسینی تەئامانە فەلسەفییەکانی بووە، کە بە خودی خۆی و کەسە نزیکەکانی سودی زۆریان هەبووە.

ئۆم بیریارە لە تەکەای تەئامانەکانیدا، کە قووە و ناووکشن، وەدووی خودەك دا وێڕا کە لە پشتەویی و شپرزەیی بەدوورە. تەئامانەکان لەوەوە دەستپێدەکەن کە مرۆڤ بە ئەوەی بکارێت بەیاری باش بدات پێویستی بەوەیە دەستبەرداری شڕۆزانەکانی بێت، زەمینە بە تەئامان بسازێنێت و لەناو تەئامانەکانیشیدا جێیەك بە گفتوگۆی ناکۆتا و کۆتا بدزێتەوە. بەپێی "تەئامانەکان" بێت ئەوەی لە سروشتدا ئامادەیە لە خۆا بوونی نییە. هاوکات پێویستی بە بیرکردنەوە لە سروشت، پێوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە گرنگی خۆی لە "تەئامانەکان" دا هەیە.

هەزری هەزری "تەئامانەکان" لە هەندەك دێدا بەرجەستەدەکەین کە مەرکی دونیابینی ئۆم بیریارە پادشایە بە سلیقەوە دەردەخەن: خەڵکی یەك ڕوناکی هەیە. گشت جیهانیش، بەهەموو شتەکانییەوە، بوونەوەرێکی زیندووی تاکە. شتەکانی ناو جیهان بە هەمیشە نامێننەوە. ئەوەی لە جیهاندا، لە سروشتدا، هەیە لە شوێنی خۆیدا نامێنێتەوە، شتەکان لە گۆڕان و شتی نوێ جێگای ئەوی پێشو دەگرێتەوە. ئەمە وەك بەشکیش لە ژیان پێویستمان بەوەیە کاتی خەمان بژین، تەمەنی خەمان

تاقیبکەینەوە و لە چاوەڕوانیدا نەژین. ئەم تەمەن و کاتەی ئێستا بەدەستمانەوەیە دەرفەت و چیدی دووبارەنابێتەوە. ئێستاکە کە هەیە، با داگیربکرێت، چاترە وەدووی دواتر و ئەبەدیتە ڕابردووش نەکەوین. خواوەند شیاویەکانی خستەتەبەردەستمان، ئەوەی کە پێویستمانە باش بەکاربردنی ئەو شیاویانەیە، ئەبەدیتە بە لەدەستدانی کات. چاترین شتێك لەم حاڵەتە مەرجە بکرێت بەکاربردنی عەقڵە لەگەڵ بوونی ئامانج و دورکەوتنەوەش لە ڕیاکاری و تەڵە. با ئەوەش بکەین کە پێویستە بکرێت و کە دواتر بەختەوەریمان پێدەبەخشێت. با بەختەوەریمان نەخەینە چنگ ئەوانیترەوە. گەر عەقڵ، عەقڵێکی تەندروست ، نەخەینەگەڕ ناکارین ئەوە بکەین کە دەبێت بکرێت. ژیانمان بەرهەمی بیرکردنەوەمانە، عەقڵیشمان ئەو بیرکردنەوانە دروستدەکەن. بەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەر بە مرۆڤ پێوەندی بە شێوازی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەوە هەیە، کە ئەوەش لە ناخیدایە.

مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم

فەلسەفەی ستۆیسیزم زۆری لەسەر مەرگ وتوە. مەرگ دژت و وەستانی نییە. پێشوازیکردنیش لە مەرگ بە ئەم فەلسەفەیە لە دەرەوەی دووددیدایە. سەرگوزشتە فەلسەفیەکانی سێنیکا و مارکەس ئۆرێلیەس و ئەوانیتر شاکارە فەلسەفیەکان لەمەڕ مەرگ پێکدێنن. ئەوی ئەوان لەوبارەیەوە نوسیویانە مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم پێکدێنێت. مارکەس ئۆرێلیەس "تەئامانەکان"ی کە 19 ساڵکی خایاندووە لە شەوی سەرنج نوسیونی بۆخۆی. بەشێك لە تەئامانەکانی لە کاتی جەنگ و ناو لەشکرکێشی نوسیوە و هەقایەتی ئەزموونی خۆیەتی بە خودی خۆی. لەناوجەرگەی شەڕ کە مەرگ ڕاوی ئەم پادشا هزرڤانەی کردووە ڕۆژانە بەدەم سوپاسالاریەوە تەئامانە ووردەکانی خۆی تۆمارکردووە. تەئامانەکانی ئەم فەیلەسوفە ڕواقیە لەسەروبەندی مەرگیدا زۆرتر کاریانکردووە و سروشتی مرۆڤیشی بە جۆرێك ڕاڤەکردووە کە جەستەی ئەم مرۆڤە ئاسایی نەخشی و ئێش پێلاماریدات و مەرگیش بکاتە دەرئەنجام. ئەو فەرمووناەی لە "تەئامانەکان" وە هەیدەهێنجەنین بەوەمان دەگەیەنن کە مەرگ هەر هەیە تەنانەت بەبێ نەخشیش.
جگەلەوەی ئایدیای مەرگ لە "تەئامانەکان" یان لە هەزری مارکەس ئۆرێلیەس جۆی تەئامانە هاوکات بابەتی مەرگ بەشکی سەرەکیش لە نوسینی فەلسەفی ڕواقیەکان داگیردەکات. گشت هەوڵی فەلسەفەکەشیان بە ڕەوینەوەی تەرس بووە لە مەرگ. ڕواقیەکان مەرگ بەو مەرگە دەبینن کە ئێپیکۆڕەکان Epicureanism بینیویانە. ئێپیکۆڕیەکان زرنگانە لەتەك مەرگا دواون. ئەوتا خودی ئێپیکۆر ئەژێت: مەرگ

پەیوستە و ناشت لێبەدووربین. جا بۆ کوندەر بچین تا لێبەدوربین؟ هەروەك وتمان مارکس ئۆرلیۆس زۆر شتمان لەسەر مەرگ پەدەت: ئەوەی لە مەرگ بترسێت دەترسێت هەست لەدەستدات. کە هەستیشی لەدەستچوو هەست بە زۆرماندی ناکات. گەر جۆرێکی تر لە هەستیشی بەدەستهێنا دەبێتە جۆرێکی تر لە بوونەوەر و لە ژیان ناوەستێت. وەکیتریش، ئایدیای مەرگ لە هەزری مارکس ئۆرلیۆس لەوەو دەستپەدەکات کە مەرگ دوا کردە سروشتییەکەی هەموانە. هیچ یەکەك لە مەزنەکان (سوکرات، هەراکلیتس، ئەلەکسەندەی گەورە و...) لە مەرگ دەربازیان نەبووە. مەرگ وەك هەموو نەشونماکانی تر، کە دەنەسەر جێستە و گۆشەی مرۆڤ، پەیوستە سروشتی وەربگیردرێت. بە مەرگمان دەگەینەوە بە شتە گشتەکەی لەوێهاتووین. هەر وەك سەرەتا چۆن بەشەك بووین لە گشت، جیهان، ئاواش بووینەوە بە بەشەکە. پاش مەرگیش ڕۆح ناژێتەوە، گەردوون ئەم ڕۆحە لەخێدا بەرجەستەدەکات. لەرە ئەم بیریارە مەرگ وەك گەڕانەوێك دەبینێت. ئەو پزیشکانەش دەمرن خەڵکی لە مەرگ ڕزگاردەکەن. فەیلەسوفەکانیش کە بەردەوام قسە لە مەرگ دەکەن هەر دەمرن. کەواتە مەرگ دوا بەختی هەموانە، ئەو قەدەرێیە پەیوستە هەموو بە دووەی پەسندیبکەین.

سەرئەنجام ئەم پادشا بیریارە لە ڕۆگای تەمانەکانیەوە دێوەت پەمانبێت: ترس لە مەرگ دەمانخاتە ناو دزێك لە تالوکە و پەرشانیەوە. مەرگ هاتنی شتێکی بەسلەمینەوێیە. دێت و کاری خێدەکات لە هیچ ئانوساتێکدا بێت. گرنگە ئەمە بە مرۆیبوونی خەمانەوە سەرقاڵبین. مەرگ، لە ئابردوو و ئێستا و داهاتۆیش دا، هەڕەشەیە و هەڕەهاتن لەشی دەبەنگیێە. هەست یان سۆزە وەرانکارەکانیش سەرچاوەی هەڕەشە و پشێویکانن. ڕۆحمان هەمنترین داڕەماندە، ڕۆحێکە هەیە. ڕۆحێگەکانی پێوەندی بە بیرکردنەوەکانی ڕۆحەوە هەیە. کردەی ئاستامەز و وتنی ئاستامەزانە پەیوستە مەبەستی هەموان بێت، گفتوگۆی مرۆڤی باش مەکە کە چ جۆرە مرۆڤێکە ببە بەو مرۆڤە باشە. مرۆڤی بە هەڕەهەشتا بوونی نییە. هەزی باش گەردوون دەباتەوە، مرۆڤکانیش بە یەکترکراون یان بە ئەوە هەن کە هاریکاری یەکدی بن. لەرەوە بۆە دەگەین کە: ژیان بە داناکان کەشێە و بە دەبەنگەکانیش چارسەرە.

ژێردەر:

Massimo Pigliucci. On COVID-19 and pandemics: a Stoic perspective

https://medium.com/the-philosophers-stone/on-covid-19-and-pandemics-a-stoic-perspective-66a9d800b14
Epiktetos . Anders Håkansson. övers. red. Handbok i livets konst. Lund: Bakhåll.2000.
Marcus Aurelius. Ellen Wester övers.; Vera Silverstolpe. red. Självbetraktelser. Stockholm: Forum.1967.
Meditations / Marcus Aurelius: http://seinfeld.co/library/meditations.pdf
Massimo Pigliucci. Fieser, James; Dowden, Bradley, red., ”Stoicism”, Internet Encyclopedia of Philosophy.2006.
John Sellars. Stoicism. Ancient philosophies; 1. Chesham, .Bucks: Acumen Pub.2006

کچە هەژارەکان خەون بەچییەوە دەبینن؟! ..نووسینی: ئەمیل زۆلا وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

پاش ئەوەی ماوەی دوانزە سەعات کاری کردووە، تەنها پانزە سەنتی وەکو کرێ دەستکەوتووە. لە ئێواراندا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵە هەژار و ناخۆشەکەی. بەسەر شێستەکەدا دەڕوات، کە بەهۆی سەرماوە بۆتە یەك پارچە سەهۆڵ. ئەویش لە سەرماندا هەموو گیانی دەلەرزێت و تەنها یەك شاڵی تەنکی ڕەشی بەخۆیدا داوە و هەموو جلەکانی کۆن و دڕاون، لەشولارێکی لاواز و کزی هەیە، زۆر بەهێمنی و کەساسییەوە بەسەر شێستەکەدا ڕێ دەکات، دەڵێت ئەو گیانداڕە لەێ و لاواز و داماوانەیە، کە هیچ خاوەنیان نییە و بەسەر شەقامەکاندا بەڕەبابوون و لە برساندا بەدوای خواردندا دەگەڕێن.

کچەکە زۆری برسییە، لە یەکێك لە چێشتخانەکاندا، پاشماوەی خواردنی میوانەکانی، بەنرخێکی هەرزان کڕیوە و لە ڕۆژنامەیەکی پێچاوە و

خستوویەتی ژەر باڵییەوە و بەرەوماڵەوە دەڕواتەوە. کاتێك گەیشتەوە باڵەخانەکە، بەسەر پلیکانە زەرەکاندا سەرکەوت بۆ سەرەوە بۆ کەلاوەکەی.
ژوورەکەی کەلاوەیەك بوو بۆ خۆی، مامۆستایەك کە بەشی زۆری سووتابوو تەنها بنەکەی مابۆوە، کەمێك کەلاوەکەی روونات دەکردەوە، بەڵام لەژێر دەرگاکەیەوە هەوایەکی سارد دەهات و گۆی مۆمەکەی کەمتر دەکردەوە و زۆرجاریش خەریکبوو دەیکوژاندەوە. سیسەم و کورسیی و مێزێکی کۆنیش لەو ناوەدا بوون. ژوورەکەی هێندە ساردبوو، ئاوی ناو جامی خواردنەکەش بەستبووی.
بەپەلە خۆی خستە ناو سیسەمەکەیەوە و کەمەڵك جلە کۆنەکەی بەخۆیدا دا، بەو هیوایەی کە کەمێك گەرمی بێتەوە. پاشان لەبەردەم مێزەکەدا دانیشت و جلە کۆنەکانی لە خۆی ئاڵاند. کەمێك نانی رەقی لە دەڵابەکە دەرهێنا و پاشان دەستی کرد بەخواردنی نانە رەقەکە و پاشماوە خواردنەکەی ناو رۆژنامەکە. وەکو هەموو برسییەکیش، هیچ گوێی بە شتەکانی دەوروبەری نەدەدا تەنها خواردن نەبێت. کاتێکیش تینووی دەبوو، دەچوو سەهۆڵەکەی دەشکاند و کەمێك دەمی تەڕ دەکرد.

هەرچەندە ئەو هێشتا منداڵە، تەمەنی ناگاتە هەژدە ساڵ، بەڵام سیماکەی تەمەنی لەوە زیاتر پیشان دەدا. شاڵ و قەمسەڵە دڵاوەکەی دانەکەند، چونکە ناو ژوورەکەی زۆر ساردبوو، دەیویست خۆی گەرم بکاتەوە، زوو زووش دەستەکانی لەناو جلەکانیدا دەشاردەوە، چونکە هەوایەکی سارد دێتە ژوورەکەیەوە و دەستەکانی دەتەزێنن.

گەر لە توانایدابووایە پێبکەنێت، ئەوا سیمایەکی زۆر جوانی دەبوو، هەموو جوانی و ناسکییەکانی لەسەر لێوە جوان و تەڕەکانی دەردەکەوت و چاوە خەمۆشەکانیشی دەبریسکانەوە. بەڵام ئازار و مەینەتییەکانی، لێوەکانی قێیشاندبوو، هەموو جوانییەکی لە دەست دابوو، سیمایەکی زۆر غەمناکیی هەبوو، دەمامکێکی هەژارانە تەواوی سیما جوانەکەی داپۆشیبوو.

بەچاوە هیلاکەکانییەوە، وەکو ئاژەڵێکی برسی دەیڕوانییە خواردنەکەی. دواتر سەیری پارچە رۆژنامەکەی کرد، کە چەوری خواردنەکەی بەسەردا رژابوو، دەستیکرد بەخوێندنەوەی بابەتەکەی ناو رۆژنامەکە، کە چەوریيەکەی بەسەردا رژابوو، لەو کاتەدا خواردنەکەی لەبیرچووەوە.
لە رۆژنامەکەدا ئەم هەواڵە نووسرا بوو:

–لە کۆشکی تپیلەری ئاهەنگێکی گەورە ساز کرا، تێیدا میوانێکی زۆر

بانگهێشت کرابوون و بەکی زەر خواردن و خواردنەوەیان خواردووە، کە وا دەخەمەڵنرێت بۆی نێ هەزار شووشە شەمپانیا و سێ هەزار پارچە شیرینی و شەش سەد کیلۆ گرام گۆشت و بەکی تری خواردن و خواردنەوە خواردەوەتەوە.*

کاتێك کچەکە ئەم هەواڵەی خوێندەوە، زەردەخەنەیەکی کرد و دووبارە سەیری هەواڵەکەی کردەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: بەدڵنیاییەوە ئەمجارە کەسانە، بەهۆی ئەم خواردنە زۆرەوە قەڵەوبوون.
بەڕام لەپەکدا وەستا و دووبارە چاوی بڕیەوە ڕۆژنامەکە و ئەمجارەیان هەواڵی جلوبەرگی خانمەکانی خوێندەوە کە تێیدا هاتبوو:

–خاتوو ماتیرنیك عەزیەکی سپی لەبەرکردبوو، کە خەتکی وەنەوشەیی تێخی تێدابوو، هەروەها ملوانکەیەکی گرانبەهای لە مل بوو، کە هەمووی ئەماسکی جوان و گرانبەهابوو، لە دوورەوە لە ملیدا دەبریسکایەوە.
لەوکاتەدا کچەکە تەواوبزاربوو، دەموچاوی غەمناکتر بوو، لە دڵی خۆیدا پرسی:
بۆچی ژنانی تر ملوانەکی ئەماسیان لە ملە و ئەمیش ناتوانێت عەزیەك بکڕێت تاوەکو گەرمی بێتەوە؟
پاشان لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بەردەوام بوو:
–خانمە ئیمپراتۆریش عەزیەکی سەوزی کاڵی لەبەرکردبوو، فەرووەیەکی سپیشی دابوو بەسەر شانەکانیدا، کە لە کلکە ڕۆوی دروستکراوە، پرچەکانی چەند گوڵێکی خری سپیان لەسەربوو، کە ناوەڕاستی گوڵەکانیشدا ئەماسی بچووکی تێدابوو، ملپێچکی ڕەشی جوانیشی لە ملی پێچا بوو، کە گوێی یەنانی لەسەر نەخشێنراوە و ئەوانیش ئەماسی بچووکیان تێدابوو، کە بەملییەوە دەبریسکانەوە.

لە ڕۆژنامەکە نووسرا بوو:
–ئەماس، ئەماسکی زەر، ئەو ئەماسە زۆرەی کە بە ملی ئەم ژنانەوەبوو، بەشی بژوێوی سەدان خێزانی برسی دەکرد.
کچەکە وازی لە خوێندنەوە هێنا و لەسەر کورسییە کۆنەکەی پاڵیدایەوە و خەیاڵاتی بەرەو سنووڕکی دوور ڕۆیشت، کەمەڵك فکری خراپ، مەشك و چاوە خەڵەمێشییەکانی داگیرکرد، چیتر هەستی بەسەرما و برسێتی نەدەکرد، بگرە فکرەی شەونگێزی هەموو جەستەی گەرم کردەوە و بەسەریدا زاڵبوو. پاشان چاوەکانی گەرم بوون و خەوی لێکەوت.
کاتێك لە خەو هەسا سەیرکی ژوورە ناشیرین و هەژارەکەی کرد و لە دڵی خۆیدا وتی: کارکردن چ سوودێکی هەیە؟ چ سوودێك؟ من ئەماسم

دەوڵەت، ئەماس...

بۆ بەیانی بە ئامانجی خۆی دەگات.

نووسینی : ئەمیل زۆلا
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

سەرچاوە:

اميل زولا. الفيچان و منتجات قصصيه اخرى. ترجمتها عن الفرنسيه. دانيال صالح. مراجعه كاظم جهاد. هيئه ابو ظبى للسياحه و الپقافه. مشروع الكلمه. الگبعه الاولى. سنه 2014، ابوظبى. الامرات العربيه المتحده.

پەراوێز
*جێگەی ئاماژەیە ئەم چیرۆکە لەهەواڵێکی رۆژنامەی» لو فیگارۆ» وەرگیراوە. کە لە 29 یانوەری 1870 بڵاوبۆتەوەو دواتر ئەمیل زۆلا ئەم چیرۆکەی لێدروستکردووە، جگە لەوەش پاشتریش هەر ئەم هەواڵە دەبێتە کرۆکی سەرەکی رۆمانی» چاوچنۆك» کە یەکێکە لەرۆمانە جوانەکانی زۆلا.

ئەرکی گەیاندن و زانیاری بەخشینی هونەری کاریکاتێر ... هەندرێن خۆشناو

- ئەرکی گەیاندن: کاریکاتێر وەکو نیگار بریتیە لە یەکێك لە شێوەکانی زمانی شێوەکاری، بەمەش دەبێتە ئامرازێکی گەیاندن لە نێوان هونەرمەند و جەماوەر لە لایەك، و لە نێوان رۆژنامە و خوێنەر لەلایەکی تر، و سێیەمیش لە نێوان کەمەڵە مرۆڤایەتیە جیاوازەکاندا.
هونەرمەند بەهۆی ئەو هێڵ و شێوانەی کە پێشکەشی خوێنەریان دەکات، باس لە هەڵوەستەیەك و کارلێکردنێك و رووداوێك و دیاردەیەك دەکات، شتێکیان پێدەڵێت بەڵام بە زمانی

کاریکاتێرەوە، بەمەش لە پەیوەندیدا دەبێت لە گەڵیاندا بە زمانی تایبەتی خۆی، ڕۆژنامەش لە ڕێی کاریکاتێرەوە لە پەیوەندیدا دەبێت لەگەڵ جەماوەردا، ئەگەر هەندێکیش ناڕازیبوون و پێیانوایە کە پەیوەندی هونەرمەند لەگەڵ جەماوەردا، هەر هەمان پەیوەندی نێوان ڕۆژنامە و جەماوەرە، ئێمە دڵنیایان دەکەینەوە، ئەگەر پەیوەندییەکەش لە یەکەم تەماشاکردنەوە وادیارە، کەچی لە راستیدا وانیە، زۆرێك لە ڕۆژنامەکان زۆرجار لە ڕێی کاریکاتێرەوە بەتایبەت پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا دەبەستن، بە تایبەتی کاتێك لە ڕێی بابەتەکانی ترەوە ئەو پەیوەندییە ئەستەم دەبێت، لەکاتێکدا کە بابەتە ئەدەبیەکان زۆر جار ناتوانن مەقەستی چاودێر تێپەڕێنن، کەچی کاریکاتێر بە زمانی تایبەتی خۆیەوە، دەتوانێت ئەو مەقەستە تێپەڕێنێت و بگات بە خوێنەر، بۆیە زۆرجار ڕۆژنامەکان هانا بۆ کاریکاتێر دەبەن وەکو ئامرازێکی پەیوەندی و گەیاندن لەگەڵ خوێنەردا.

گەیاندنیش لە نێوان گەلان و کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکانی ترەوە لە ڕێی کاریکاتێرەوە، لە ڕێگای ناساندنی ئەو گەلانە بە یەکتریەوە دەبێت، چونکە کاریکاتێر دەربڕی پەیکەربەندی دەروونی کۆمەڵایەتی ئەو گەلانەیە، زۆرێك لە نیگارە کاریکاتێرییەکان ئەو پەیکەربەندییە بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە گەلانەوە، ئەگەر چەند هەڵوەستەیەکی گشتی هاوبەش هەبێت لە نێوان گەلاندا بۆ وروژاندنی پێکەنین، ئەوا تایبەتمەندی زیاتری هەیە، ئەو هەڵوەستەیەی کە پێکەنین دێنێتەکایەوە لە بەرازیل، لە بەنگلادیش وانیە، زۆرێك لە کاریکاتێرەکان چیرۆکی میللی و پەندی پێشینان و دابونەریت وەکو پاڵەوان و بابەتی خۆی بەکاردێنێت، ئەمەش ڕێ بە کاریکاتێر دەدات بۆ تێواڕینی بەرهەمی دەوڵەمەند و ئەفراندنی گەلانی تر.

- ئەرکی زانیاری بەخشین: واباوە کە زۆرێك لە کاریکاتێرەکان زانیاریەك بەکاربێنن لەوانەیە بۆ خوێنەر نوێ بن، لەوانەشە کە بە تەواوەتی نوێ بن، یان بۆ خوێنەرێکی دیارکراو نوێ بن، کە بەهۆی ئەم کاریکاتێرەوە زانیاریەکی نوێی دەست دەکەوێت، بۆ نمونە ئەو خوێنەرەی کە گوێی لە چیرۆکی سێ مەیمونەکە نەبووە (گوێم لێ نەبوو، نەمدیت، نەمگوت)، کاتێك کە خوێنەرەکە کاریکاتێری سێ پۆلیس دەبینێت، پەنجە مۆری کەسێکیان دەزیوەتەوە، لەوانەیە کەسێکی گرنگیش بێت، دوای دیتنی کاریکاتێرەکە، لە مانای کاریکاتێرەکە دەپرسێت، و دەزانێت کە هونەرمەندەکە ئەو چیرۆکەی بەکارهێناوە وەکو

سیمبولێك، دوایی چیرۆكەكە دەزانێت، هەروەها سەبارەت بە كاریكاتێری (سەندرێلا)، كە كاریكاتێریستەكە چیرۆكی سەندرێلای بەكارهێناوە بۆ ناساندنی كەسایەتیە سیاسەتوانەكان، مەرجیش نیە كەوا ئەو زانیاریەی كە خرایە سەر زانیاریەكانی خوێنەرەوە لە بواری ئەدەب یان چیرۆكی میللی یان لە بواری ئەفراندنەوە بێت بە شێوەیەكی گشتی، لەوانەیە لە بواری مێژوو یان پزیشكی یان ماتماتیك یان بوارێكی تر بێت، چونكە لەوانەیە هونەرمەندەكە چەند سیمبولێكی جیاواز لە كاریكاتێرەكانیدا بەكاربێنێت، لەهەر بوارێك لە بوارەكانی چالاكی مرۆڤایەتی زانستی یان ئەفراندن یان بوارێكی دیكە بێت، دەتوانین چەندین نمونەی دیكەش بێنینەوە لەسەر ئەو زانیاریانەی كە خوێنەر لە دیتنی كاریكاتێرەوە دەستی دەكەوێت.

ئێمە لێرەدا قسە لەسەر ئەو زانیاریانە ناكەین كە كاریكاتێریان تێدا بەكاردێت وەك ئامرازێكی گەیاندن، وەكو بواری وانەگوتنەوە و فێركاری، كە ئەو زانیاریانە دەچنە خانەی ئەركەكانی كاریكاتێرەوە، بەڵكو قسە لەسەر ئەو زانیاریانە دەكەین كە خوێنەر بە رێكەوت لە كاریكاتێرێكدا دەستی دەكەوێت، كە زۆرجار لە باكگراوندی كاریكاتێرێكەوە بەدەردەكەوێت، بۆ نمونە ناوی كەشتیە ئەمریكاییە بەشداربووەكانی یەكێك لە شەڕە دەریاییەكانی نێوان كەشتگەلی بەریتانیایی و ئەمریكایی، ئامانجی سەرەكی لەم كاریكاتێرەدا گەیاندنی ئەو زانیارییەیە بۆ جەماوەر، بەڵكو لەوانەشە كە هونەرمەندەكە بیری لەم شتە نەكردبێتەوە، و ناوی كەشتیەكانی وەكو ئاماژەیەك بەكارهێناوە، بەڵام خوێنەر ناوی كەشتیەكانی بەهۆی كاریكاتێرەكەوە زانی.

هەندرێن خۆشناو

گۆرانوی ژنگ ... هێنراو/ جڵال عەبدوڵا ساڵح

١

دەنگی سەربازی پایز لەدوور دێ

باخ ئابووقەیە، دەبەر دەترسێ

...

گۆڵا بادەگرێ. لق قژی دەشکێ

باخچە سەرپۆشی سەوزی دەژاکێ

...

کیسەڵی پیری ژێر کەتەرەی تۆ

نازانێ پەنا بۆ کام شوێن بەرێ؟

...

ڕووی سەدکات، چاوێ دەترسێ

گورگ دەلوورێنێ، گا دەبێنێ
...
بۆق بە چەند بازێ بەرەو گۆم دەچێ
واز لێ کوشتنی مەشوولێ دێنێ
...
ماری کێنار گۆم،چاوی دەخورێنێ
بۆ ژێر گابەردی قەدپاڵ ئێ دەبڕێ
...
دەنگی بروسکە و نالەی هاور دێ
چەخماخە دەستی گەی هەڵدەبڕێ
...
کێتر هەڵانەی جوانی دەووخێ
لە کێشی حەوزا بچووی دەخنکێ
...
کوونەبەبووی پیر باڵی لێکدەنێ
خەشی نازانێ بە کوێ باڵدەگرێ
...
لای لووتکەی چیا، لە پاڵ قەدپاڵێ
هەڵێ بە ئاوی ئاسک دەگەڵێ
٢
لەدووای چەند ڕۆژێ خەرەتاو هەڵدێ
تارای بووکێنی سرووشت لادەبرێ
...
ماسی بە گەمی قوڵ پێدەکەنێ
لووتی لە کەفی بەفرائاو دەخشێنێ
...
لە ژوور سەری باخ، باڵندێ دەفڕێ
بۆ نیشتمانی دارستان دەچێ
...
لەبەردەم دەرگای کلێرەدارێ

لە تەنیشت سنگی گابەردی شاخ
...
سمۆرە پشتی بۆری دەخورێنە
بە شانی سەوزی لق پەدەکەنە
...
□□ش و سپی و بۆر کەروێشی لا□□
قونە قونە د□□□ن کلکیان د□ل□ق□
...
تا دەریا و باران، دارستان هەبێ
ژیان ناوسێ و گەرانی د□□□
...
پایز نا تواند چیا ڕووخێنێ
هەموو دارستان لە□□گ دەربێنێ
هێنراوە/ جەلال عەبدوڵا ساڵح/ تەرەنتە

هەڵگرتنی بازڕکا بەبێ ڕاهێنان ... ئەحمەد ڕەجەب

وانەکانی ژیان :

لە مانگی کانونی دووەم (جەنیوەری) 1980 لە زەڵی بەرەو دەڵی جاڤایەتی بەرکەوتین و لە یەکەمین ڕۆژدا لە دڵی بێتوش بووین و لە پاش دوو ڕۆژ گەیشتینە چۆخماخ وشەو لەوێ ماینەوەو، بەیانی زوو بەرەو قزڵەر چووین لەوێ نان و چامان خواردو لەو ڕۆژانەدا مەرگەپان بە گوێ و گوڵزار زەر قەشەنەگ و رازاوە بوو لەپاش قاوەتی و پشوودانکی کورت ڕوومان لە شاخی پیرەمەگرون کردو بەفر هەمووی داگیرکردبوو زەر سارد بوو من لولەیەکم پێ بوو بەناو بازکا لە گەڵ سێ گوللەی زەر قورس و بێ یارمەتیدانم گولەی جوارەم

به هاورێ وەست جەمال بوو، زۆر ناخۆش بوو بەفر تا بینەقاقەم هاتبوو هاورێ دوکتۆر فارس رەحیم قسەخۆش بوو بێ خۆشی لە ناوەراستی شاخەکە بووین وتی ئێستا شۆڕك لەو شاعیرە هەڵنەگرین کە وتوویەتی { پیرەمەگرون موقەدەسی} و هەرچەنەك بوو گەیشتینە سەر شاخ و گزە بایەکی زۆر ساردی هەبوو بە پەلە سەرەوخوار بووینەوە بەرەو دێی زێوەو نانی نیوەڕۆمان خواردو بەئیوارە بزنەکمان کری و دەستمانکرد بە گێشت پرژاندن وهاورێ عەلی بچکۆلی شەهید مام عوسمان لە گەڵ دوکتۆر فارس بە قسەی خۆش دانیشتنەکەیان خۆش کردبوو.
لە زێوێ چووین بێ دێی قەرەچەتان لە نزیك رێگای دێکان ـــ سڵێمانی و شەو لەوی خەوتین و بەیانی زوو لە دێ دەرچووین بەرەو دامێنی شاخی پیرەمەگروون نەوەك سوپاو جاش دەوری دێکە بگرن و دێکە زۆر لە رێی سەرەکی دێکان ـ سڵێمانی نزیك بوو سوپاو جاش بە ئاسانی دەورەی دێکەیان ئەداو ، لە شوێنی مانەوەکەمان بووین هاورێ شیخ رەسول بانگی کردم و وتی گێ بگرە و منیش گێم گرت و تم گوێم لە دەنگی کارەبزنە و هاورێ مەناف و یەکێکی ترمان نارد بێ ئەو شوێنە دەنگەکەی لێوەیێت و لە پاش کەمێك لە گەڵ بێچوە ئاسکێك هاتنەوەو بە هێ ئەوەی دەستی بەر تەڵە کەوتبوو دەستی شکابوو، هاورێ حەمە کەریم وتی سەری نەبرن و خاوەنی هەیە و لە دەورو بەری نیوەڕۆ پیاوێك هات و لێمان پرسی بێ کوێ ئەڕێ و، لە وەڵامدا وتی تەڵەم ناوەتەوەو ئەرێم بزانم هیچی گرتووە و، هاورێ حەمە کەریم وتی تەڵەکە ئەم ئاسکەی گرتووە فەرموو بیبەو پیاوەکەش یەکسەر وتی سوپاستان ئەکەم سەرتان نەبریوەو بێ من پارەیەکی باش ئەکات و هەر ئیستا ئەچم و نان مەخۆن خرتێکتان بێ ئەهێنم و، زۆری پێ نەچوو پیاوەکە لە گەل خرتەکەو نان و خوێ گەرایەوەو خرتەکە سەربراو دەستمان کرد بە گێشت برژاندن و ئیوارە درەنگ گەراینەوە ناو دێی قەرەچەتان و شەو خەوتین و بێ بیانیەکەی دیسانەوە زوو دەرچووین و لە دامێنی شاخەکە ماینەوەو لە پاش نیوەڕۆ هەواڵێك گەیشت کە سوپاو جاش نیازیان وایە ناوچەکە کۆنترێ بکەن و ، ئێمەش ژمارەمان کەم بوو و چەکەکانمان خراپ بوون بۆیە بریاردرا بگەڕێنەوە بێ دوێی جافایەتی چونکە ئەوێ سەخت و دوورترە لە دوژمن.
بە هێی زۆری بەفر لە سەر شاخی پیرەمەگرون بریاردرا لە دوێی نادر بگەڕێنەوە بێ قزلەرو، ناچار بووین ئەو بریارە بدەین و، دڵێی نادر نزیکە لە کانە بەردەکانی سەرچناری سڵێمانی و، دەوری کاتژمێر چواری ئێوارە لە قەرەچەتان کەوتینەری و لە پاش چوار پینج کاتژمێر گەیشتینە دڵێی نادرو ئەوەندە دوورو درێژ بوو هەر ئەڕێیشتین و کۆتایی نەدەهات و، هاورێیان زۆر ماندوو شەکەت بوون و هاورێ شیخ رەسوێ وریا بوو بانگی کردم و وتی هەندی لە هاورێیان خێیان

لێکەوتووەو ڕێئەکەن و، منیش سەیری هاوڕیانم کرد خەوتبوون و بەدەم خەوەوە ڕێیان ئەکردو بەو بارودوخە دژوارە بەردەوام بووین تا گەیشتینە دێی ئەباسان لە نێوان سەرچنارو مەرگە پاان و لە کازێوەدا دەوروبەری کاتژمێر پێنجی بەیانی کەمەڵە دارکمان بەدیکردو هەندێ پوش و پاشمان هێناو ئاگرمان کردەوەو ئەو جێرە کارانەش لەو کاتانەدا مانای شەر هەڵگیرساندنە لە گەڵ رژێمی بەعسی عەرەبی دوژمنداو خەمان ئامادە کردو وتمان ئێستا تۆپ باران ئەکرێن بەڵام هیچ ڕووی نەداو، لە ماوەی نیوکاتژمێر خەمان گرم کردەوەو درێژەمان بە ڕێکردندا تا گەیشتینە قزلەرو و لەوێ لامان نەدا نەوەك سوپاو جاش و هەلیکۆپتەرەکانیان بگەنە ناو دێی وئێمەش شەکەت و هیلاك بووین و تاقەتی شەرمان نەمابوو، بۆیە نەوەستاین تا گەیشتینە دێی چوخماخ و لەوێ لە پاش شازدە کاتژمێر ڕێکردن پشووماندواو شەویش هەر لەوێ ماینەوە

چەند ڕۆژێك لە ناوچەکە ماینەوەو و سەردانی ئەم دێهاتەمان کود: مۆناکە، هەردو دێی قەیوان (سەروو خوارو)، گاپیلۆن، گەرەدێ ، مالومە، ویاخسەمەر، هەلەدن و لە پاش جەولەیەکی دوورو درێژ گەراینەوە بێ دێی وەناغ لوو شەو لەوێ بووین و بەیانی زوو بە دێی سەفرەو زەرون گەراینەوە بێ هەرزنەو بیتوش، دەرمان ئاوا، بیوران و بنوخەڵەف تا گەیشتینەوە بارەگای خەمان لە زەڵی.

شایانی باسە ماوەی بیست ڕۆژ لولەیەك (بازکا) و سێ گوللەم هەڵگرتبوو زۆر قورس بوون و، بازکە چەکێکی کۆنی ئەمریکایەێ لە جەنگی دووەمی جیهانی بەکارهێناوەو ، لە گەرانەوەوە وتم بە هاوڕیان من بەبێ ڕاهێنان و هیچ زانیستییەك ئەم لولەیەم هەڵگرتبوو دەبا گولەیەك بێ خەشی بتەقێنین و، هەموو وتیان باشەو، کوللەمان خستە ناو لولەکە و فشارم خستە سەر پەلەپیتکەی شێرە بازکاو گوللەکە چروك بوو بەو شێوەیەش گوللەکانی تریش چروك بوون و، ئەمەش بووە ڕەخنە لە سەر (نوسینگەی سەربازی ـــ المكتب العسكري) ماویەتی.

7/10/2020

سافرەن پلیدگەر کچێ ساوایەکی زیرەکی جیهانێ … رەزا شوان

گەلێ لە منداڵان، هەر لە تەمەنکی بچووکدا، زیرەکی و بلیمەتیان دەردەکەون و پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێ، کە لە داهاتوودا هەبکەون و ببن بە کەسایەتیەکی ناسراو. (سافرەن پلیدگەر) کچێکی ساوای جوان و بەرشەی ئینگلیزییە. هەر لە کرپەییەوە زیرەکی دەرکەوت. سافرینی تەمەن سێ ساڵان، هێشتا نەچووبوو بە قوتابخانە، لە کۆنایی چواری تەلەفزیۆنی ئینگلتەراوە، فێری پیتەکان و خوێندنەوە و نووسین بوو. فێری بە دڵیان وشە و کرداری کەکردنەوە و لێدەرکردن بوو . تا (٥٠) شی دەژمارد.

بە یەکەمین جار سەردانکەرێکی تەندروستی کە چوو بۆ ماڵی سافرەن، هەستی کرد کە سافرەن منداڵێکی زیرەکە، بە دایک و باوکی سافرینی وت، بۆ تاقیکردنەوەی تێکەڵی زیرەکی ببیبەن بۆ لای پزیشکێکی دەروونناسی منداڵان. بۆ قسەیان کرد و بردیان بۆ لای پزیشکی دەروونناسی منداڵان. پزیشکەکەش زانی کە سافرەن زیرەکە، داوای لە دایک و باوکی کرد بۆ زانینی رادەی تێکەڵی پلەی زیرەکی پەیوەندی بە (مینسا) ەوە بکەن. مینسا کۆمەڵەیەکە، ئەندامەکانی لەو کەسانە پێکهاتووە کە زیرەکییەکی باڵایان هەیە و زرنگ و بیرتیژن. زیاتر لە سەد دەوڵەت لە جیهاندا، ئەندامیان تێیدا هەیە. هەر ئەم کۆمەڵەیە پزیشک و دەروونناسی پسپۆری بواری زیرەکییان هەیە، لە دوای زنجیرە تاقیکردنەوەیەک، ئینجا بەیاری تێکەڵی زیرەکی ئەو کەسە دەدەن. بەیاری ئەوەش دەدەن ئایا شایەنی ئەوەیە، کە لە مینسا ببێت بە ئەندام یا نا.

کە (پاپا پیگ) وێنەی سافرینیان لە شیێی فیلمی کارتۆنی بزوێن کەشا. سافرەن وتی:" من تەنیا کچێکی بچووکم، بەڵام زۆر شاد دەبم کە لە تاقیکردنەوەکانی زیرەکیدا دەربچم، گەرچی زۆریش گرانن. زۆر دڵشادتر دەبم بەوەی کە ببم بە ئەندامی کۆمەڵەی مینسا" وتیشی:" کە گەورەبووم، حەزدەکەم بە درێژایی ڕۆژ بە یاریکان یاری بکەم.. بەم نزیکانەش دەچم بۆ قوتابخانێ. وێنێ دەکێشم و وێنێ دەکێشم و رادەکەم"

سافرەن پلیدگەر لە زنجیرە تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵەی مینسا دەرچوو، تێکەڵی پلەی زیرەکی (١٤٠) پلەیە، کە (٤٠) پلە لە

سەروەی، تکەای پلەی ناوەندی زیرەکی گەورەیە، کە (١٠٠) پلەیە، پلەی زیرەکی (ئەلبەرت ئینشتاین) و (ستیفن هوکینگ) (١٦٠) پلەیە، کە لە پلەی بلیمەتی دان. تکەای پلەی زیرەکی سافرەن (٣) پلە لە پلەی زیرەکی سەرەک کۆماری پێشووی ئەمریکا (بیل کلینتون) زیاترە.
سافرەن بوو بە بچووکتری ئەندامی کۆمەڵەی مینسا. مینسا ئەوەشیان وت:" سەرەای تەماشەکەی، زیرەکی سافرەن وای لەدەیکات کە ببێت بە دیاریترین منداڵ لەناو منداڵانی تەمەن شەش بە حەوت ساڵان"
سافرەنی تەمەن سێ ساڵان.. زۆر حەزی لە نووسین و لە خوێندنەوەیە، بە تایبەتیش زۆر حەز لە خوێندنەوەی چیرۆک دەکا. حەزیشی لە وێنەکێشان هەیە. رۆژی تاوەک چیرۆکی پێش نووستن، چیرۆکی (باشە، باوکم پاڵەوانی ژمارەدنی دابەزێنە) بە خۆشکە بچکۆلەکەی دەخوێنێتەوە.
شایەنی باسیشە نە باوکی و نە دایکی سافرەن بەوانامەیان لە خوێندن وەرنەگرتوون. بەڵە دەچێت کە سافرەن بە باوکی بکا. دانی پلیدگەری باوکی کە تەمەنی (٢٣) ساڵە، دیزاینسازی (ویپ) و چەندین سایتی ئەلیکترۆنییە. (٨) جار بوو بە پاڵەوانی یارییەکانی بەرنامەکانی (کۆنتداون : ژمارەدنی دابەزین) لە تەلەفزیۆنی چواری ئینگلتەرا.
دانی پلیدگەری باوکی دەڵێ:"سافرەن لەگەڵ منداسێیری بەرنامەی (کۆنتداون) دەکا، هەر لە میانەی ئەم بەرنامەیەشەوە فێری پیتەکان و کۆمەڵەک لە وشەکانی ئەم بەرنامەیە بووە" دەشڵێ:"سافررەن رووحەکی پاکی ململانێی بەرزی تێدایە. کە پێی دەڵێم من شتەکم لا هەیە لە حەوت پیت پێکهاتووە.. ئەو دەڵێت منیش شتەکی جوانترم دەستکەوت کە لە هەشت پیت پێکهاتووە"
دایکی سافرەن، خاتوو (کیرسی) تەمەنی (٢٣) ساڵە، دیزاینسازی فانیلەی (تی شێرت)ە دەربارەی سافرەنی کچیان دەڵێ:"سافرەن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کەسانی جیاوازدا، هەر ناسنامەیەکیان هەبێ، متمانەیەکی زۆری بە خۆی هەیە.. چیرۆکیش بە (ویلە)ی خۆشکی دەخوێنێتەوە کە تەمەنی (٧) مانگانە.
دایک و باوکی سافرەن، دەڵێن:"زیرەکی و تکەای زیرەکی باڵای سافرەن، هەر لە منداڵیەوە، لە تەمەنێکی بچووکدا دیاربوو"
دایکی وتیشی:"سافرەن دەتوانێ زۆر بە خێرایی و بە دامان کرداری کۆکردنەوە و لەدەرکردن ئەنجام بدا.. رۆژانە دەخوێنێتەوە و دەنووسیت.. کە پەرتووکێک لە پەرتووکخانە دەخوازم. یەک جار بەی دەخوێنمەوە. دووەمین جار خۆی دەیخوێنێتەوە"

منداڵانی کوردیش، لە رووی زیرەکی باڵا و بلیمەتییەوە، لە منداڵانی گەلانی تر کەمتر نین، گەلە منداڵی زیرەک باڵا و بەهرەمند و داهێنەرمان هەیە.. بەڵام زۆر بە داخەوە، کە بەنازن و نە پشتگیری و نە هاندەریان هەیە و نە هیچ لایەن و ریکخراوەکی رۆشنبیری و زانیاری و هونەری تایبەت بە منداڵانمان هەیە، کە بە دەستزیرەوە لە خەیانی بگرن و هەیکان و پەداویستییەکانی پشکوتن و دەرکەوتنیان بۆ دابین بکەن. گەر رێکخراوی تایبەت بە منداڵانیشمان هەبن، وەکو پێویست پشتگیریان لێناکەن.
نەرویج: ٨/ ئۆکتۆبەر/ ٢٠٢٠

وەک شیعرێ تەدپێ ...شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

وویستی شتێک بێ،
گەر نەشگۆتوە،،
بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە دە،،
وەک تارمایەک..
لە ماڵەکی چێ،
وەک شیعرێکی نەنوسراو،،
وەک بڵێمەکی وێ،،
بەسەر شەپاڵی بیرەوەری..
شارێکی بیرکراوا،
تێپەڕێ...
پێیمانیدا،،
گەر باهێزی سەفەریش..
پڵە پەپوڵەی ڕەحی بەرە،،
وەک نەتای گیتارێ لە خەو،،
وەک لەزمە عیشقێ،،
وەک تەمەن، خەوە، وەک سەرابێ،،
لە بەستانی ئەندێشەیدا،،
بێت و بچێ،

پەیمانی دا،،
گەر چرپەشی نەگاتە جێ،،
گەر پەنجەشی بەر ئەوخساری..
تەزیوی ژێر هەورەکی ..
چاو پێ فرمێسکا نەکەوێ،،
لە هەیوانە چۆڵ و جەڵەراودا،،
وێنەی پەریئاسای دەرکەوێ،،
گەر ڕەشەباش هەواڵی نەهێنا،،
گوڵە تۆپ مەستەکان ..
لە ماڵەکی خۆتوو لە ئابردوودا،،
بە پەنجە کریستاڵیەکانی بجوڵێنێ ،،،
پەیمانیدا،،
گەر کات و شوێنیش..
بوونە دوو دیوار،،
بوونی ئەفسانەی لە هەموو شوێنێ بی..
لە باخچەکەدا وەک شیعرێ تەپڵێ،،
بە شنەبای هەناسەی،،
لقی دارە خۆتوەکان بشکێنێ،،
لەرزنابێ، ..
بەڵام بە لەوی خونچە قورمزیەکان،،
گوڵاوی بەهارێ..
لە شەوەکی هاوینا بێنێ،،
لەرزە نابێ،
بەڵام لە سەمای مانگەکی مەستا،،
زەردەی لەوی بێ،،
لەرزە نابێ،،
لە چنگی زیوینی..
لەزمەی ئەوارێیەکی درەنگا..
بریشکەی پێ ئەسرینی..
چاوەکانی دەرکەوێ..
هەرگیز لەرزە نابێ،،
بەڵام پەیمانیدا،،
بە باڵە فڕێی..
قازە ئەرخەوانیەکانی عیشقا ،،
بگاتەوە هەمان جێژوانێ،،
پەیمانیدا،،
لە خوڕەی ئاوی فوارەی گزنگ،،

وخسارە لە خەیاڵکا،،
بەرجەستە بە ،،
ببەتە پێکەرە لە جوانی،،
لە نەو گەڵا پەمەیی ژاوەکانی …
دارستانە،،
نوقم لە زوقم و تەما..
هەمیشە چاوەڕوان بە

مانیفێستی عەشق… بەشی هەژدەم… تێکست: ستێفان شەمزینی

شەرابی هەستت تاکە شەرابە مەستم بکا
بەم تێکە لەو شەرابە، با ئێشقت نقووم بکا

پێش ئێشقت نەمامێک بووم، ئێستا درەختێکی پڕلوپڕدار
پێش ناسینت، کوێرە کانی بووم هەنووکە بووم بە رووبار

تە هەر ئەوندە یەک جار، بە خەشم ئەوی
من هەزار پرد لە ئەدەم رووەو ڕەحی ناسکی تە

تە بە من ئەڵێی، جادووگەری وشە و ئێشقیت
بە ئاگای لەوە، کانگای وشەکانم دەی تێیە

قوڵپی گریانەکەت، ئەکەم بە درەژترین قەسیدە
تەش موروی پێکەنینەکانم بکە بە ملوانکە بە خەت

بەرلەوەی ئاشق بم، پێسەلکەیەک بووم سست و تەراو
دوای ئێشقت، بووم کەترە شینکەی ئاسمانی خەرتاو

جوانیی کانیەکی رووناکە لە دڵی تۆوە هەڵدەقوڵێ
خۆشەویستی شنەبایەکە لە ڕەحمی تۆوە هەڵدەکا

لەوت بخە سەر لەوم، دڵت بنە بە دەمەوە
ڕەحمت گیر بکە لە ڕەحم
ئەمەوە دەپ دەپ بژەمە ناوتەوە

کە تەم بینی
با ستیانەکەت لە ڕەنگی چاوم کاتر بێ
دەستت بەنی مەخکی شیعرەکانی لەبێ
ماچەکانیشت تاقگێ بن ئاوی چێژیان لێ بژێ

خودا بیری کردەوە لە چی دروستم بکا؟ زەر بیری کردەوە
تاکو لە کەتاییدا منی لە نازی تێ و گڵی ئێشقت ئافراند

هەست بە حوزنەکی قووڵ ئەکەم لە قوڵپی پەکەنینەکەتا
ئەزانی من تەنانەت ئەو حوزنەشم، زەر خۆش ئەوێ؟!

من ئەو گوواڵە بەهارییەم کە لە پایزی دەتا ئەوەم
بە نەسیمی فێنکی هەناسەت هەموو ڕۆژ ئێشنەمەوە

هەزار پێناسە و لێکدانەوەیان هەیە بە من
کەچی من یەک پێناسە زیاترم نییە:

ئاشقێکی دڵوانێ و هیچی تر

هەرچەند دوور بڕۆم، لێت نزیک دەبمەوە
هەرچەند لێتەوە نزیک بم، لێت دوور دەکەومەوە!

نامەیەکی زەر زەر درێژم بۆ ناردیت
لە ڕۆحی نیتشێ و سەرکێشیی دیدالیەس
کێچی واتزانی، شێت بووم

لە دووریی هەزاران میلەوە خەم ون کرد
لە ڕۆحی تەدا جارێکی دی خەم دەزیینەوە

مژدە … ستار ئەحمەد

شەکرە ژنێك

چێژە عەشق و

نوقێە هیواو

بەفرە سێزم پێدە بەخشێت

ژنێك چوون شیعرو

لەئەوینا سەرمەست و شێت

ئەواران گەرمەسێز

شەوان شەرمە خەوو

رووناکی دڵ

لەئاسۆی دەروونی هەڵدێت

زەردە ی بەیان هەڵدەسێنێ و

شاباڵی ئەمەك توند دەگرێت

هەتا دەگاتە ترۆپکی

گەرمە هەناوی نیوەڕۆ

وەڵە ژنەو

بەدوای خۆی و ڕۆحی من و

دوندی دەروونا دەگەڕێت

پیتێك لەئاونگی لێوی

چرپەیەك لەترپەی دڵی

هەناسەیەك لەماچکی

سفرێك لەگۆی مەمکەکانی

لەبریسکەی نیگایەکا

بەگڵێنەم دەشێمەوە

چاوانم دەکەمە ریچکەی

خەونی ئاڵ و

تەمەنی شەنگی ئاواتی

لەکۆشما هەنسك دەدات و

عومرێکی نوێم پێدەنووسێ

یەرگی لاویم دەکاتە یەر

دەمبا بەرەو

شەو چرای ژوان

گوێە خەزگەو

لاسکە تاسەو

رەگی مژدەم پێ دەوەتێ

ژنێك لەیسەی ژیانا

چەشنی چیا

بێ مانەوەم

بووەتە چاکترین سەنگەر

ستار ئەحمەد